# نادروستی سێکسی

د. کارزان ناسیح




لێرەدا هەوڵدەدەین باس لەجۆرێکی نادروستی سێکسی بکەین کەچەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت و بوونی هەیە لەنێو کۆمەڵگەکەماندا.

جێگەی نیگەرانیە کەلەلایەن دەورو بەرو کۆمەڵگاوە زۆر بەسووکی سەیری ئەوجۆرە کەسانە دەکرێت کەدووچاری بوونە وە دەبنە جێگەی توانج و تانەو گاڵتە پێکردنی دەوروبەریان, لەکاتێکدا ئەم کەسانە پێویستیان بە پاڵپشتیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەهێزی هەموو لایەك هەیە تا ببنەوە بە کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگا..

ئەم جۆرەش ناودەبرێت بە( پارافیلیا) پێناسەدەکرێت بە گرفتی زاڵبوون بەسەر ئارەزوویەکی کتوپڕدا , لەگەڵبوونی پاڵنەرێکی بەهێزی ناوەکی کەرەفتارێکی نامۆ سەیری لێدەکەوێتەوە بەرامبەر بەحاڵەتێك یاخود تەنێك کە لەبنەمادا دانانرێت بەهاندەری حەزلێبوونی سێکسی لە کەسانی ئاسلیدا.

لەم جۆرە نادرووستیە دا بەبوونی ئەو پاڵنەرو بەهێزە سێکسیە و لەگەڵ ئەو رەفتارەی کەکەسەکە دەیکات دەبێتە هۆی دژوارییەکی گەورە و چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیوکەسێتی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە دەتوانرێت بڵێن بریتیە لەنەتوانینی بەرهەڵستکردنی ئەو ئارەزووە کتوپڕەی بۆ سێکسکردن وە دەبێتەهۆی نادروستی سێکسی و رێگرتن لەپەیوەندی ئاسایی کۆمەڵایەتی لە کەسی دوو چار بەم نادرووستیەدا , بەشێوەیەکی گشتی لەنێرینەدا زیاترە بەبەراورد بە مێینە , ئەم جۆرانەش لەخۆ دەگرێت.

exhibitionism: بریتیە لەنەتوانینی زاڵبوون بەسەر ئەوکردارە پاڵنەرە زۆر بەهێزییە سێکسییەی لەکەسەکەدا هەیە وە هەڵدەستێت بەدەرخستنی ئەندامەکانی زاوزێی دەرەوەی (چووك) بەرامبەر بە کەسێکی نامۆ , کە دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتنی کەسی تووش بوو.

بەزۆری نێرینە دووچاری دەبێت لەتەمەنی 12 ساڵیدا, بەتا یبەتی لەوکەسانەدا کە کێشەی رەپبوونی چووکیان هەیەوە تەنها بەدەرخستنی ئەندامەکانی زاوزێی کردارەکە تەواو دەبێت, واتە ئازاردانی کەسی بەرامبەری لەگەڵدانیە وە هەرگیز ناگاتە سێکس کردن لەگەڵ کەسی بەرامبەردا.

وە ئەو چێژەی درووست دەبێت لەم جۆرەدا مەرج نیە رەپبوونی چووك یان ئاو هاتنەوەی لەگەڵدابێت وە جیاوازە لەکرداری بەزۆر دەستدرێژیکردنەسەر ,بەڵام ئەم جۆرە کەسانە زۆرتر رووبەڕووی دادگاو دەستگیرکردن دەبنەوە.

Fetishism: لەم جۆرەدا بەبوونی هاندەرێکی بەهێزی سێکسی وا لەکەسەکەدەکات کەچێژ وەربگرێت بە بەرکەوتن یاخوود بەلە بەرکردنی جل وبەرگی ناوەوەی ئافرەتان, پێڵاوی ئافرەتان یاخوود جلی نووستنی ئافرەتان.

بەم رەفتارانەی کەسەکە لەوانەیە جێگەی کاری سێکسی ئاسایی بگرێتەوە , یاخوود لەگەڵ کرداری سێکسەکەدا بەیەکەوە رووبدات , لەوانەشە رووبدات بەرامبەر ئەندامێکی لەش وەك قاچ , قژ یاخود پێ.

frotteurism: لەم جۆرەدا کەسەکە هەڵدەستێت بە هەوڵدان بۆ بەرکەوتن یاخوود خشاندنی چووکی بەرامبەر بەلەشی مێینەیەکی نەناسراوو نامۆ (لەنێرینەدا ڕوودەدات) لەشوێنە قەرەباڵغەکاندا وەك بازاڕو شوێنە گشتیەکان.

voyeurism: نێرینە لەنێوان تەمەنی 20 ـ 30 ساڵیدا دووچاری دەبن بەتایبەتی لەو کەسانەی ژنیان نیە, کەسی توشبوو قەناعەتێکی بۆدروست دەبێت وە هەست بەچێژوەرگرتن دەکات بەسەیرکردنی ئافرەتی ڕووت.

Pedophilia: لەم جۆرەدا کەسەکە وروژاندنی سێکسی تێدا ڕوودەدات بەسێکس کردنی نایاسایی لەگەڵ مناڵدا لەنێوان تەمەنەکانی 13 ساڵیدا و کەمتر.
قوربانیەکتنی ئەم نادروستیە زۆربەی مێینەن لەنێوان تەمەنەکانی 8 ـ 11 ساڵیدان وە کەسانی تووش بوو هەڵدەستن بە ڕووتکردنەوەی مناڵەکە , دەست لەئەندامەکانی زاوزێیان دەدەن, بەزۆر کرداری سێکسیان لەگەڵدادەکەن.

Sexual sadism: کەسی دووچاربووی ئەم نادرووستیە هەستێکی سێکسی خۆشی بۆ دروست دەبێت لەئاکامی سەپاندنی ئازاردانی جەستەیی یاخوود دەروونی کەسی بەرامبەر.کرداری نایاسایش لەخۆدەگرێت وەك بەزۆر سواربوون (سێکسکردن) , ئازاردانی کەسی بەرامبەر لەکاتی سێکسکردندا, کوشتن(لەئاکامی کوشتنی کەسەکە هەستێکی خۆشی بۆدرووست دەبێت), بۆیە ئەم کەسانە زۆر مەترسیدارن بۆ کۆمەڵگا.

transvestitism: لێرەدا نێرینەکان بەبەردەوامی دەگەنە چێژی سێکسیان بەلەبەرکردنی جل وبەرگی ئافرەتانە, ئەویش بەلەبەرکردنی یەك پارچە جل یاخوود لەبەرکردنی جلی تەواوەتی ئافرەتان لەگەڵ ڕێخستنی قژو میکیاج کردن.

***هۆکارو نیشانەکانی***

تا **ئیستا** هۆکاری سەرەکی ئەم نادرروستیانە ئاشکرانیە, بەڵام توێژەرەوە دەروونیەکان دەیگێرنەوە بۆ گەڕانەوە یاخوود جێگیربوون لە ئاستە سەرەتاییەکانی گەشەی دەروونی سێکسی , کە لە ئاکامی دووبارەکردنەوەی ڕەفتارێکی سێکسی ناپێگەیشتووەوە ڕوودەدات.
دەرکەوتووە مادە ناسێکسیەکان دەبنە هۆکاری پاڵنەری سێکسی گەر بەشێوەیەکی دووبارە و بەردەوام لەکاتی سێکس کردندا بوونیان هەبێت.
ئەمانەی خوارەوەش هۆکارن بەئاڕستە بردنی کەسەکان بۆ ئەم نادرووستیە.
١- سزادانی مندالّ لەلایەن دایك وباوکییەوە بە لەبەرکردنی جلی مێینە.
٢- زۆر بەکارهێنانی ئەلکهول.
٣- بوونی کێشەی فسیۆلۆژی لەکەسەکەدا.
٤- هۆکاری کۆمەلاّیەتی.
٥- بریندارکردنی لایەنی سێکسیو دەروونی کەسەکە.
٦- لەنێوان کەسانی ئالّودەبوو بەدەرمان.
٧- ئەو کەسانەی کێشەی ڕەپبوونی چووك و ئاوهاتنەوەیان هەیە.
تێبینی: ئەم نادرووستیانە دەکرێت لەلایەن ئەندامانی خێزانەکە, هاوڕێ ی کەسەکەوە ئەنجام بدرێت.

***چارەسەرکردنی***

-چارەسەرکردنی دەروونی و پاڵپشتی ویارمەتیدانی دەروونی ئەم کەسانە لایەنێکی زۆر گرنگی چارەسەرکردنە.

-چارەسەركردنی دەرمان پێدەچێت پارمەتی دەربێت بۆكەم كردنەوەی ئەو پاڵنەرە بەهێزەی كە هەیە, وەك چارەسەری خەواندن (هیپنۆسیس) وە دەرمانی دابەزاندنی تێستیسترۆن لەلەشدا وەك (سیپرۆتیرۆن ئەسیتەیت).

لەگەڵ چارەسەری دژە خەمۆكی كە پارمەتیدەرە بۆ كەمكردنەوەی ئەم نادرووستیە.

Karo_naseh@hotmail.com

**سەرچاوەكان**

**www.medicinenet.com**
**www.answers.com**
**www.health.discovery.com**